# مامۆستا لە پێناوی ڕێکخستندا شوێنی دۆستەکانی هەڵدەبژارد

ناسینی من لە گەڵ کاکە جەمالدا ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی پێش حەفتاکان. مامۆستا جەمال, ئەوەندەی من شارەزای بووم, پیاوێکی زۆر راستو ئازاو پاكو خاوەن بەڵێن بوو, زۆر دڵسۆزبوو بۆ کێشەی گەلەکەی ماندووبوونی نەئەزانی.. هەمیشە سەری لێئەدام, زۆرجار کە لەگەڵ یەکێکدا مەوعیدی هەبوایە, ناونیشانی جێگاکەی منی ئەدایەو ئەهاتو ئەو کەسانەی ئەبینی, زۆرجاریش دەچووە لای خوالێخۆشبوو ئەمین شەوکەتی حاجی حەسەنی بەڵێندەر, یان دوکانی (حاجی سلێمان حاجی حەمە سوور خەراجیانی) کە ئەهاتە لامان زۆر بە هێمنیو شانبەشانی برادەرەکان دادەنیشتو لەسەرخۆ لەگەڵیاندا ئەدوا, پاش نیوەڕوان دەهاتەوەو بەیەکەوە لە کارگەکە دائەنیشتین, زۆرجار کاك حەمە چاوشین یان مامۆستا مەحمود مەلا عیززەت لەگەڵیا ئەمانەوە, تا تاریکی ئەکرد ئەوسا بە ئوتومبیل ئەڕۆیشتنەوە گەلێ جاریش پاش نیوەڕوان ئەچووینە شوێن کارەکەی کاك شازاد سایبـ ی جوانەمەرگ لێی دائەنیشتین تا تاریکی ئەکرد, پاش گرتنی شەهید مامۆستا عەزیزو چوونە دەرەوەی شەهید شازاد سایب ئەو شوێنو دانیشتنە نەما, ئەوانەی بەزۆری هەواڵیان ئەپرسی کاك دلێری ئەحمەد شوکری, مەلا لەتیف هاوڕێ(نزار), هیوا سوورو حەمە سوور, کاك خەسرەو و حەمید بابان بوون. ( ڕۆژێکیان دووربەدوور پێش نزیك بوونەوەی لێمان کاك محەمەد قەرەداغی کە ئێستا وابزانم لەم شارەدا نییە, وتی ئەمە زۆر خۆشەویستمە, زۆر کوڕی چاکە, گەلێجار هەندێکی پێئەناساندم وابزانم زیاتر مەبەستی ئەوەبوو کە من دڵم لە هاوڕێکانی نەترسێت, جارێك دووربەدوور وتی ئەوە ڕەفیقی حاجی عوسمانی داربەڕوولەییە ئەوەش حەمە ڕەشی حاجی شەریفی باریکەییە متمانەی تەواوی هەبوو لەسەر فازڵ جەلال کە فازڵ سەرسپیان پێی ئەوت ماڵەکەیان لە مەڵکەندی نزیك ماڵی حاجی غەفور مەلا عەلی بوو, گەلێك جار کە ئەهات بۆلام, بۆ کارگە من لەوێ نەبوومایە یەکێك لە کرێکارەکانی رائەسپارد کە هاتەوە پێی بڵێن من لە دوکانی حاجی سلێمان ئەبم, حاجی سلێمان یەکێك بوو کە جەمال خۆشیئەویستو متمانەی پێی بوو, دوکانداربوو بایعییەکەی گواستەوە لای ئەو, وتم مامۆستا دوورە لە ماڵتانەوە, وتی با بیانوویەك بۆ دانیشتم لە دوکانەکەی هەبێ, دووجار گیرا, هەردووجارەکە بە لێبوردنی گشتی رزگاری بوو, دووەمجار کە بەربوو چووینە ماڵیان لە گەڕەکی بەرانان, لەباسکردنێکا زۆر سوپاسی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیانی کرد کە چەند یارمەتی داوەو ڕێگای بۆ ئاسانکردووە کە چووبوونە سەری بۆ قوتابخانەکەی, شەوێك پێکەوە بە تاریکی چووینە لای بۆ ماڵەوە لەبەر دەرگا زۆر قسەی لەگەڵ کردو داوای لێکرد کە عەریزەیەکی لابێت, لەگەڵ هاتنو پرسیارییانکرد ئەڵێم ئەمە ئیجازەکەیەتی, یەکسەر مامۆستا جەمال عەریزەکەیبەحازرکراوی دایە دەستی, سەیرئەوەبوو کە بەربووبوو لە سجن باسی سجنی بەشێوەیەکی هێندە سەیرو بێ ئەهمیەت ئەکرد کە گوایە زۆر نەشارەزان هیچ نازانن مەگەر یەکێك شاهدی لەسەر بێت.. ئەگینا کەمێك خۆڕاگربیت هیچت لێناکەنو تاقەتیان لە ئەشکەنجەدانت ئەچێت, ڕۆژێك هات پێنج شەممە بوو وتی بەیانی کارگەت نییە چی ئەکەی؟ وتم بە زۆری لەماڵ ئەبم, کاتی نوێژ ئەچم بۆ نوێژی هەینی, وتی داوایەکم هەیە, وتم فەرموو وتی سێ چوار میوانم دێت گەر سەعات (9تا11) لە ماڵ بیت, تۆ هیچ مەکەو خۆتیان نیشان مەدە, تەنها دۆلکەیەك ئاوو پەرداخێکمان هەبێت بەسە وتم بەسەرچاو, ڕۆژی هەینی لەکاتی خۆیاندا هاتن دەرگاکرابۆوە, خۆی بەجیا هاتە هۆڵەکە, دۆلکە ئاوو پەرداخەکەی برد, وتم کاکە نیوەڕۆ نانبخۆن ئەوسابڕۆن, زۆر بەشەرمەوە سوپاسی کردمو سوور بووەوەو وتی نازانم چۆن سوپاست بکەمو دوایی ئاگادارت ئەکەم, بە کورتی کاتژمێر بووبەیەك, نەچووم بۆ نوێژی هەینی,

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

لەدوای کاتژمێر یانزەوە ئێمە بەتەمای رۆیشتنیان بووین, بەشی خۆمان خواردنمان ئامادەکردبوو تۆزێ زیاتر ئیتر کاتژمێر یەك تەقەم لە دەرگاکەدا, هاتە ژووری هۆڵەکە وتم کاکە چ پەنێکتدا برسیتانە ئەزانم وتی ئەرێوەڵڵا, وتم کەوابوو چی حازرە مەرۆ بیبەرە ژوورەوە زۆر بەپەلە خورماو رۆنو کولێرەمان لە گەڵ چێشتەکەی خۆمان بۆ خستە سەر دوو سینی بەدووجار بردی بۆ ژوورەوە.. دوای کاتژمێر (2.5) رۆیشتن دیارە من نە بەخێرهاتنم کردن نە خواحافیزیم لێکردن, ئەوان ئێستا گەر ئەمە بخوێننەوە خۆیان ئەمەیان دێتەوە بیر, پاش دوو رۆژ مامۆستا جەمال هات بۆلام وتم: کاکە ئەوە نەبۆتە عەیبە کە کەسیانم بەخێر هاتنو خواحافیزی نەکرد, وتی نا من سەری تۆم لەسەری خۆم لا مەبەستترە, نامەوێ بە هەموو کەسێکت بناسێنم لەوان زیاتر کە ناوسیوتن, رۆژێکی تر کاتژمێر (3.5) بوو کارگەکە چۆڵ بوو کرێکار رۆیشتبوونەوە بەتەنیا راوەستابووم لەبەر دەرگای کارگەکەدا, یەکێك هات سەلامی کردو سەندمەوە وتی مامۆستا جەمال تاهیر نەهاتووە, وتم ئەمرۆ نەمدیووە, وتی ئەم جێگایەی بەمن وتووە منیش وتم فەرموو دانیشە بەڵکو بێت, مادام بەڵێنی پێداوی دێت, وتی سوپاس ئەرۆمو دێمەوە, ئەگەر هات بڵێ عەبدوڵڵا رەسول هات هەواڵی پرسیت, وتم بەسەرچاو, (5) مەتر دوورکەوتەوە وتی لە بیرت نەچێت, وتم چونکە باوکی خۆم ناوی عەبدوڵڵا رەسول-ە قەت بیرم ناچێت, ئیتر ئەو رۆیشت بەرەو ماڵی عیززەت بەگو میرزا عەزیز لەمسەری مزگەوتەکەوە مامۆستا جەمال هات خەریکبوو پێچ بکاتەوە, بانگمکرد کاکە مەرۆ واهات, ئیتر هاتن لەبەر دەرگای کارگە چۆنیو چاکییان کردو قۆڵیانکرد بەقۆڵی یەکاو چوونە ناو کارگەکە دەستکرا بە چرپەچرپ منیش وتم مامۆستا جەمال ئەوە کلیلی کارگەکەیە کە رۆیشتی خۆت دایخە من کلیلی ترم هەیە, بۆ بەیانی کە هاتم بۆ کارگە هەمان کاتو مەوعد عەسر کاك جەمال هاتەوە زۆر دڵخۆشبوو بەوەی کە من بەجێمهێشتووە, سوپاسی کردمو وتی ئەوە برادەرێکی خۆشەویستمە, من پرسیارم لێتیکرار نەکردەوە, گەر لە بیرمبێت چووم بۆ شەقلاوە ماڵی حەمە تۆفیقو منداڵیو ماڵی کاك شازادو خێزانی هاتبوون, پرسیارمکرد وتی ئەوەتان لەو خانووە کە چووم هەموو لەوێ بوونو پاش ماندوونەبوونی خاوەن ماڵەکە زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم ناوی هێنام لەو کاتەدا رۆیشتە دەرەوە میوانی تری بەرێکرد, منیش لە کاك شازادو محەمەدی حاجی تۆفیقم پرسی ئەوە کێیە ئەو من ئەناسێ من نایناسم وتی کاك کۆسرەتە وتم وەڵڵا هەر نایناسم, کە هاتەوە زەردەخەنە گرتی وتی ئەڵێیت نامناسیتەوە, وتم زۆر فکر ئەکەمەوە ناوەکەت زۆر غەریبە لام, وتی راست ئەکەی من کە هاتم بۆلات ناوم عەبدوڵڵا رەسول بوو, ئینجا وتم دەوابڵێ, وتی کلیلی کارگەکەت بەجێهێشتو رۆیشتی ئینجا زانیم ئەوبوو هاتبوو, ئیتر خوالێخۆشبوو پاش بەربوونی چووە دەرەوە لە کۆنگرەکەدا دەنگی هێناو دەرچوو, پێش رۆیشتنی معامەلەی خانووەکەیم بۆ کردبوو بیخەمە سەرخۆم, ئیتر کە ئەو دەرچوو زیاتر مەبەستمانبوو نەوەك خانووەکەی حیجزبکەن, جوابم بۆ نارد کاك نەوشیروان زۆر بەزەحمەترێگای پێدابوو بەو شەرتەی دەرنەکەوێ لە شاردا, رۆژێك کاك(ئەحمەد مەجید شاسوار) تەلەفونی کرد وتی زەحمەت نەبێ تا ماڵی ئێمە وەرە ماڵیان لای مەخزەنەکەی کۆکا کۆلای حاجی عەبدوڵڵا مەحمودەوە بوو کە چووم پاش تۆزێك کاك ئەحمەد زەردەخەنەیەك گرتیو وتی چی بە مێشکتادێت وتم هیچم لە مێشکا نییە, وتی بچۆرە ئەو ژوورە کە چوومە ژوورەوە مامۆستا جەمال بوو باوەشمان کردبەیەکا, وتی لەسەر داوای تۆ رێیان پێداوم زۆر بووم بەموشکیلە بۆ تۆ, خانوو چی لێدێت بە قوربانی تۆ بێت, وتم کاکە ئیشی دوو سەعاتی ماوە ئەو عەینەکە لە چاوبکە سواربە ئەتبەم بۆ ماڵێك, خواحافیزی لەمانکرد سوارمکرد بردم بۆ ماڵی مامۆستا حەمە رەئوف (عادل) لەوێ دامنا وتم ئێستا نوێنەری تاپۆ دێنم عەریزە ئەدەم کە تۆ ناساغی ناتوانی بێیتە دائرە رەسم ئەدەمو فەرمانبەرێك دێت ئیفادەت لیوەرئەگرێ, ئیتر

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

چوومە تاپۆ هەموویم تەواوکرد کاك محێدین ناوێك هات لەگەڵما, کە چووینە لای کاك جەمال تومەس رەفیقی یەکن باوەشیانکرد بەیەکا, وتی چ خێرتە وتی لەو قۆڵی قەرەداخە لەسەر وڵاخ کەوتمە خوارێو قاچێکم قلێشاوە, معامەلەکەمان تەواوکرد کاك جەمال وتی زۆرم پەلەیە ئەچم بۆ دەرەوەی سلێمانی قوتابخانەکەمان بێ مامۆستایە, وتی کاکە محێدین تۆ چۆن هاتوویتە تاپۆ, وتی لە کەرکوك تەقریریان لێدام نابێ لە پەروەردە بمێنم گەر نەبمە بەعسی, ئیتر من ئیسراحەتمکرد کە ئینسانێکی چاکەو جێگای نارەحەتی نییە, معامەلە تەواو بوو کاك محێدین-م هێنایەوە تاپۆ نەچوومەوە تا تاریکیکرد چوومەوە بە شوێنیا سواری سەیارەمکرد بۆماڵی خۆمان کە چوومەوە ماڵەوەیان هاتبوون ئەو شەوە تا زۆر درەنگ دانیشتین قسەمانکردو رێگایدانا بۆ دایکی کاروان کە بچێتەوە خانەقینو دوومنداڵی لە ماڵی خوشکی جێهێشت کە ژنی شێخ جەلال-ی موفەتیشی پەروەردە بوو, بەیانی زووهاتن بە شوێن کاك جەمالداو وابزانم هیواسوورو یەکێکیتر خێزانیان بەرێکردو دووکەس کە ئەشیای ناوماڵەکەیان هێنایە ماڵی ئێمەو خۆیشی رۆیشت بەیانی زووبوو مەفرەزەیەك بردیانو هەندێك پارەی لە پەروەردە هەبوو کاك کەمالی برای هەڵیسووڕاندو وەرمانگرت دامانێ ئیتر ئەو رۆیشتنەی کە رۆیشت تا کارەساتی شەهیدبوونی نەماندییەوە, پاش چەند رۆژێ ماڵەوەیان هات لەگەڵ کاك ئەحمەد مەجید چوونە بالیسان رۆژی سێهەم ئێمەیش چووینە سەرگۆڕەکەی لە بالیسان پاش ماوەیەك شوێنەکەیان گواستەوە بۆ دێی باخ, لەو مەراسیمەدا بەڕێز مام جەلال-یش چووبوو زۆر قەرەباڵغ بوو من نەمویرا بچم, هەروەکو لە سەرەتای ئەم نووسینەدا باسمکرد ئەمە رۆژێکە نەك دوانزە ساڵ تێکەڵاوی بە هەرحاڵ زۆر سوپاستان ئەکەم هیوادارم ناوی خۆشەویستەکانی فەرامۆش نەکەن چونکە بەڕاستی ئەم شەهیدە کەم وێنەیە مەگەر کاکە شازاد تامی ئەمی لە مجامەلەو رووخۆشیو خۆبەزل نەگرتندا هەبووبێت, هەرچەند ئەکەم نازانم چۆن باسی ئەو ئەمنە بنووسم کە لە سجن یارمەتیدابوو عەرەب بوو ناوی عەلیو مەهدی بوو کە بە هۆی یەکێکی بازاڕەوە توانی ئەو هەوڵەی بۆ بدات بەبێ بەرامبەر, ئەمە شیعەبوو ناچار بووبووە ئەمن خۆی باسیکرد وتی حەبی سکچوونی بە دزییەوە بۆ هێناوم وتی رەمەزان بوو بە رۆژووبوون ئەمنەکان کەبابیان بە تاریکی بۆ خستبوومە ناو نایلۆنەوە بۆیان هەڵدام هەرئەیان وت قسەنەکەی وردەکاری ئەم باسەش زیاتر رەنگە لای کاك ئەحمەد مەجید بێت.

حەمە نوری حاجی عەبدوڵڵا زەرەنگەر

## شەهید جەمال دڵسۆزی قوتابیان و هاوڕێکانیبوو

لە ئایاری ساڵی 1965 رژێمی ئەوسای عێراق هێرشێکی بەربڵاویکردە سەر کوردستان بەگشتیو پارێزگای ئێستاو لیوای سلێمانی ئەوسا بەتایبەتی ئەمەش بە فەرمانداییی عەمید سەعید حەموبوو کە موسڵاوی بوو, لە ئەنجامی ئەو هێرشە زۆر لە گوندەکان چۆڵکران یان سووتێنرانو دەرئەنجامی ئەوە زۆربەی قوتابخانەکان داخران,

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

من له قوتابخانەی (کانێسکانی دووەم)و مامۆستا جەمال تاهیر رەشید له قوتابخانەی (کانێسکانی یەکەم) تەنسیبکراین چونکه هەردووکمان له ساڵی 1964دا دامەزراین به مامۆستا ئەو بۆ گوندی (شەدەڵە)و منیش بۆ گوندی (تەلان) بەڵام مامۆستا جەمال تاهیر دەرچووی خانەی مامۆستایانی ئەو کاتەبوو منیش دەرچووی خولی پەروەردەیی یەك ساڵەی دوای ئامادەیی بووم, دوای سووتانی (عەبدولسەلام محەمەد عارف) له ئاسمان‌و بەربوونەوەی هێلیکۆپتەرەکەی له خوارووی عێراق‌و دوای یەك ساڵ له (قوتابخانەی کانێسکانی یەکەم‌و دووەم) هەردووکمان له سەرەتای مانگی (11)ی 1966 فەرمانمان بۆ دەرچوو بۆ گەڕانەوەو کردنەوەی قوتابخانەی شەدەڵەی سەرەتایی له گوندی  شەدەڵە,من‌و مامۆستا جەمال هاوبیرو باوەڕبووین هەرچەنده لەکاری حزبیدا له یەك شوێن کارمان نەدەکرد, بەڵام هەدووکمان له کاری رێکخراوەییدا بەیەکەوە بووین‌و له یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئیشمان دەکردو مامۆستا جەمال عەبدول بەرپرسمانبوو, له 1966/11/6 چووینەوە شەدەڵە , شەدەڵە چەمێك دەیکات بەدوو بەشەوە بەشی ئەوبەر پێیان دەوت بەری شێخ یوسف بەری ئەمبەر پێیان دەوت بەری شێخ عەبدولکەریم و خانووەکانی شێخ مستەفای باوکی شێخ عەبدولکەریم که دەکاتە باپیرەی کاك عەبدولکەریم حاجی لەمبەربوو قوتابخانەکەمان لەوبەر واته له بەری شێخ یوسف بوو, خانووی مەلا جەلال بوو به کرێ گیرابوو بۆ قوتابخانە, چوار ژوور بوو دوو ژووری قوتابخانەبوو دوو ژووری تری بارەگای پێشمەرگەبوو, که لقی ئەسعەد تەوەکەلی تیابوو, ئیتر لەو کاتەوە من‌و مامۆستا جەمال بەیەکەوە ئەژیاین له ژوورێك له رۆژئاوای گوندەکە, که ماڵی کاك شێخ عومەر برای شێخ یوسف بوو, مامۆستا جەمال پیاوێکی تا بڵێیت کۆمەڵایەتی, بەوەفا, شۆڕشگێڕ, خوێندەوارو دڵسۆز بۆ قوتابی‌و هاوڕێکانی. ماوەی یەك ساڵی تەواو به یەکەوەبووین لەو ماوەیەدا هەمیشه باسی بوارەکانی تێکۆشان‌و دەردە کوشندەکانی ناو بزاڤی کوردایەتی‌و کەرت‌وپەرت بوونی ریزەکانی ناو گەل‌و دروستکردنی بۆ چوونی جیاواز جیاواز لەناو خەڵکی کوردستاندا بابەتی سەرەکیمانبوو, هەمیشه بیرمان لەچارەنووسی ئەو خەڵکه دەکردەوەو له خولیایدابووین هەمیشه پیاوێکی ورە بەرزو گەشبینبوو له یادمه هەمووجار ئەیوت کاك جەعفەر شەرت نییه هەموو شتێك ئێمه به ئەنجامی بگەیەنین ئێمه هەوڵ دەدەین‌و دەیکەین چەندمان بۆ کرا ئەویتری بەجێدەهێڵین بۆ نەوەکانی داهاتوومان گرنگ ئەوەیه بیری شۆڕشگێڕی پەرە پێبدەین‌و نەهێڵین کپبکرێتەوە, لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەتا بڵێیت قسەخۆش‌و گونجاوبوو لەگەڵ گەورەو بچووك, شەوان لەگەڵ پیاوان‌و گەنجانی گوند به یاری‌و گەمەو قسەی خۆش هاوبەشیدەکرد, لەگەڵ قوتابیان‌و لاوان رۆژانه یاری تۆپ‌و یاری تری دەکرد بێ ئەوەی خۆی لەوان جیابکاتەوە یان بەزیاتر خۆیببینێ, لەگەڵ پێشمەرگەدا هەمیشه رووخۆش‌و هاوکار چەندجار له گەڵیاندا ئیش‌وکارو چوونه دەرەوەی دەکرد. ئێمه که بەیەکەوە بووین هەرگیز نەمبینی رۆژێك جارێك له وانەو پیشەی مامۆستایی له کاری حزبی له کاری رێکخراوەیی‌و پیشەیی تەنانەت لەو کارانەی که بەشمانکردبوو رۆژانه بۆ ژیانی خۆمان دوابکەوێت یان خۆی لێبدزێتەوە جاربەجار ئازاترو دڵسۆزتر جێبەجێی دەکرد, روحی بەبەهەشت شادبێت‌و یادی هەمیشه زیندوو بێت.

جەعفەر فەقێ ئەحمەد عەلی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com